له بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# هەندێك
# لە
# گرفتەکانی گەنجان

(مِنْ مُشكِلات الشَّباب)

نووسینی : زانای پایەبەرز

**شێخ محمد بن صالح العثيمين**

وەرگێڕانی : **محسن محمد أحمد**

پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی :

**مامۆستا محمد عبد الرحمن لطيف**

چاپی یەکەم ١٤٢٩ کۆچی

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صالح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

## * پێشەكی مامۆستا محمد عبد الرحمن :

الحمدُ لله وحده ، والصلاة والسلام على مَنْ لا نَبِيَّ بعده ، وعلى آلهِ وأصحابه وأتباعه بإحسان إلى يوم الدِّين .

دوای ئەوە :

كتێبی (**هەندێك لە گرفتەكانی گە نجان**) وەرگێڕانی مامۆستا (محسن محمد أحمد)م خوێندەوە و بینیم وەرگێڕانێكی زۆر باش و پاراوە و هەوڵێكی مەزنە بۆ خزمەتكردنی بواری گەجان، ئەویش بەدەستنیشان كردنی كێشە و گرفتەكانی گەنجان و دیاری كردنی ڕێگاكانی چارەسەر بۆیان ..

بەڕاستی چینی گەنجان لەم كاتەدا لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستیان بە گرنگی و بایەخ پێدان هەیە .. چونكە چەندین كەس و تاقم و خەڵكی جۆراو جۆر هەن بانگەواز دەكەن بۆ لاڕێكردنی گەنجان لە (**ڕێگای ڕاست**)ی ئیسلامەتی و بەرو هەڵدێر و كەنارەكانی ونبوون و تیاچوون و فەوتان دەیانبەدن .

داواکارم لە خوای گەورە پاداشتی دانەر و وەرگێڕ بداتەوە و نوسینەکەش لە نێو خەڵکیدا مەقبول بکات .

نووسینی : محمد عبد الرحمن لطیف ـ کەلار (٦ / شوال / ١٤٢٩)

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمدلله، نحمده، ونستعينه، ونستغفره، ونتوب إليه، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله، صلى الله عليه و على آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان وسلم تسليما، وبعد:

لێرەدا پێم خۆشە كە گرفتێك لە گرنگترین گرفتەكان نەك تەنها لە كۆمەڵگەی ئیسلامەتی بەڵكو لە هەموو كۆمەڵگەكان بخەمە ڕوو بۆ برایانم ، ئەویش گرفت و كێشەی گەنجانە لەو سەردەمەدا، بەڕاستی گەنجان زۆر گیروگرفتی هزری (فكری) و دەرونی بەسەر دڵیاندا دێت، وە هەندێ جار ئەو گرفتانە وایان لێدەكات بكەونە دڵە ڕاوكێ لە ژیانیاندا، وە هەوڵ دەدەن ڕزگاریان بێت لەو دڵە ڕاوكێ و دوودڵیە، وە ئەو پەژارە و دڵ توندیەی كە هەیانە لایبدەن و نەی هێڵن، بەڵام ئەمەیان بۆ دەستەبەر نابێت تەنها بە گەڕانەوە بۆ دین و ڕەوشت نەبێت، ئەو دووانەی (دین و ڕەوشت) كە پاڵپشتی كۆمەڵگاو چاك كاری دونیاو دوا ڕۆژن، وە بەهۆی ئەو دووانەوە چاكەو خۆشی و بەهرەوەری دێتەدی، وە بە هۆیانەوە خراپەو بەڵاو نەهامەتی لادەچێ.

لــە ڕاســتیدا هــەروەك چــۆن نیشــتیمان ئــاوەدان ناكرێتــەوە تــەنها بەدانیشتوانی نەبێت، دینیش بەرپا نابێـت تـەنها بـە هـەڵگرانی نـەبێت، هـەر كاتێك هەڵگرانی دین دینیان جـێ بـەجێ كـرد و پێـی هەڵسـان ، ئـەوا خـوای گەورە سەریان دەخات دوژمنانیان هەرچۆنێك بن.

خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْساً لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ [محمد : (٧ ـ ٨)] .

واتە: ئەی ئەو كەسانەی كـە باوەڕتـان هێنـاوە ئەگـەر ئێـوە ئـاینی خـوا سەرخەن (واتە جێ بە جێی بكەن و بانگەوازی بـۆ بكـەن و تێكۆشـن لـە دژی دوژمنانی)وە مەبەستیش تێیـدا تـەنها ڕەزامەنـدی خـوای گـەورە بێـت، ئـەوا خوای گەورەش ئێوە سەركەوتوو دەكات بەسەر كافرانداو پێیەكانتان جـێگیر دەكات (لە جەنگدا خۆڕاگرتان دەكات)، ئەوانەش كە بێ باوەڕ بوون بـە خـوا ئەوە نەگبەتی وسەرشۆڕی بەشیانە، وە كردەوەكانیان بێ مایە دەكات .

جا كاتێك دین بەرپا نـەكرێت تـەنها لـە لایـەن هەڵگرانیـەوە نـەبێت، ئـەوا بەڕاستی لەسەر ئێمەیە (خەڵكی موسـڵمان و هـەڵگرانی ئاڵاكـەی) كـە یەكـەم جار خۆمان چاك بكەین بۆ ئەوەی شایسـتەی پێشـەوایی و ڕێنماكـاری خـەڵك بین.

وە پێویستە لەسەرمان كە شارەزای كتێبی خوای گەورە بین كە قورئانە، وە شارەزای فەرموودەو سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا بین ﷺ ئەوەی كە وامان لێدەكات كە شایستە بین لە كردارو گوفتارو ئاراستەكردن و بانگەوازی كردن دا، بۆ ئەوەی پەیام و ڕوناكی پێشین هەڵگرین بۆ هەموو ئەوانەی ڕاستییان دەوێت و لە بەرامبەر هەموو ئەوانەی ناحەقی و پوچیان دەوێت.

پاشان لەسەرمانە ئەوەی كە فێری بووین (لە قورئان وسوننەت) جێ بەجێی بكەین بە شێوەیەكی كرداری كە لە بڕواو دڵنیایی و دڵسۆزی و بەدواداچونوە هاتبێت.

با كارو بارمان تەنها قسە نەبێت ، چونكە ئەگەر كاروكردار قسە بەڕاست نەگێڕێت (تەنها قسەمان هەبێت و كاری پێ نەكەین) ئەوا ئەو بەرزی و ڕێزداریەی كە لە قسەو بانگەوازماندا هەیە زیاد ناكات و ئەنجامەكەشی تەنها بە پێچەوانەوە دەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتاً عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ [الصف: (٢-٣)].

واتە: ئەی ئەوانەی كە بڕواتان هێناوە بۆچی ئەوەی دەیڵێن لە وتەو كاری خێرو چاكە كە هانی خەڵكیش دەدەن بۆی كەچی خۆتان ئەنجامی

نادەن و كاری پێ ناكەن؟ زۆر مایەی ڕق و تورەییە لای خوا كە قسەیەك بڵێن و كردەوەی پێ نەكەن .

لە ڕاستیدا لە هەمووی شایستەتر ئەوەیە كە لەسەرەتاوە دەست پێبكەین ، با وردبینەوە لە گەنجەكانمان و ئەوەی كە گەنجەكانمان لەسەرین لە هزرو كاریان ، بۆ ئەوەی گەشە بەو كارو هزرانەیان بدەین كە باشن، وە خراپەكانیان باش بكەین، چونكە گەنج و لاوی ئەمڕۆ پیاوانی دوا ڕۆژن، وە چونكە ئەوان ئەو بنچینەو بناغەیەن كە دوا ڕۆژو داهاتووی گەلی لەسەر بنیات دەنرێت.

هەر لەبەر ئەوە چەندین دەقی شەرعی لەم بارەوە هاتوون كە هاندەرن بۆ باش چاودێری كردن و باش ئاڕاستەكردنیان بۆ ئەوشتەی كە خێرو چاكەی تێدایە ، ئەگەر هاتوو گەنجەكانمان باش بوون كە بنچینەی گەلن و داهاتووی لە سەر بنیات دەنرێت، وە باش بونی گەنجان لەسەر پاڵپشتی بەهێزی دین و ڕەوشت وەستاوە (باش بوونی گەنجان بەندە بە باش بوونی دین و ڕەوشتیان) ، ئەمەش دەبێتە هۆی داهاتویەكی ڕوون و ڕۆشن بۆ گەل، وە دەبنە جێنشینی باش و بە كەڵك بۆ پیرەكانیان بە پشتیوانی خوا ( إن شاء الله ).

# تێڕوانینێك لە گەنجان

ئەگەر بـە تێڕوانینێكـی ووردەوە سـەیری گـەنجان بكـەین، دەتـوانین بـە شێوەیەكی گشتی گەنجان دابەش بكەین بۆ سێ بەش:

**یەكەم** : گەنجانێك كە لە سەر ڕێگای ڕاستن.

**دووەم** : گەنجانی لادەر.

**سێیەم** : گەنجانێك سەرگەردانن لەو نێوەندەدا.

یەكەم: گەنجانێك كە لەسەر ڕێگـای ڕاسـتن: ئەوانـەن كـە بەتـەواوی مانـا بڕوایان بە ئیسلام هەیە، بڕوایەك كە بە دینەكەیان ڕازین و دڵخۆشـن پێـی، وا دەبینن كە بڕوا بون بە ئیسلام دەسكەوتەو سەركەوتنە، وە بێبەش بون لێـی زیانیكی ڕون و ئاشكرایە.

* **گە نجانێك** : بەدڵسۆزی و بـە تـەنها خـوا دەپەرسـتن و هاوبەشـی بـۆ دانـانێن، هـەروەها بـەكردار و گوفتـار شـوێن پێغەمبـەری خـوا (محمـد ﷺ) دەكەون، چونكە بڕوایان بەوە هەیە كە پێغەمبەری خوای گەورەیە، وە تەنها پێشەوایەكە شایستەی شوێن كەوتن بێت.

* **گـــەنجانێك** : كـە بەشـێوەیەكی تـەواو و ڕێـك و پێـك نوێـژ دەكـەن ئەوەندەی لە توانایاندا بێت، چونكە بڕوایان بە هـەموو ئـەو شـتانە هەیـە كـە نوێـژ لـە خـۆی دەگرێـت لەسـودو بەرژەوەندییـە دینـی و كۆمەڵایەتیـەكان، هەروەها بڕوایان بە هەموو ئەو سزاو چارەنوسە خراپانە هەیە كـە بـەهۆی لـە دەست دانی نوێژەوە بۆ تاك تاكی خەڵكی و گەلان دانراوە.

* **گەنجانێك** : كە زەكات دەدەن (بە تەواوی و بەبێ كەم و كووڕی) بـە كەسانێك كە شایستەی زەكات پێدانن، چونكە بڕوایان بەوە هەیە كـە زەكـات دان پێداویسـتی ئیسـلام و موسـڵمانانی تێدایـە، هـەروەها یەكێكـە لـە پێـنج پایەكانی ئیسلامە.

* **گەنجانێك**: مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو دەبن، ئارەزوو و خۆشیەكان لـە خۆیان دەگرنەوە، هاوین بێت یان زستان، چونكە بڕوایان هەیە بەوەی كە بـە ڕۆژووبون ڕازی بونی خوای گەورەی پێوەیە، بۆیە ڕەزامەندی پەروەردگاریان هەڵدەبژێرن بەسەر داواكاریەكانی دەرونیان دا.

* **گەنجانێك** : فەریزەی حەج بەجێ دێنن و دەچن بۆ ماڵی خـوا، لەبـەر ئەوەی خوای گەورەیان خۆش دەوێت و ماڵی خواشیان خۆش دەوێـت، حـەز دەكەن بچن بـۆ شـوێنێك كـە بـەزەیی و لێبـوردنی خـوای گـەورەی لێیـە، وە

هاوبەشی بكەن لەگەڵ هەموو ئـەو موسـڵمانانەی كـە دەچـن بـۆ ئـەو شـوێنە پیرۆزانە.

* **گەنجانێك** : بڕوایان بەخوا هەیە كە دروست كاریانـەو دروسـت كـاری ئاسمانەكان و زەویە، چونكە نیشانەكانی خوای پەروەردگار دەبینن كە ڕێگـا نادەن بـە هـیچ گومـان و دوو دڵیـەك بەرامبـەر بـە بـوونی خـوای گـەورە، وە تێدەگات كە ئەو بونەوەرە فراوانە بەدیهێنراوە لەشێوەو ئەندازە بەڵگەیـەكی گومـان بـڕە لەسـەر بـوونی داهێنـەری ئـەو بونـەوەرە، وە بەڵگەیـە لەسـەر تـەواویی توانـاو دانـایی ئـەو داهێنـەرە كـە خـوای گەورەیـە، لەبـەر ئـەوەی نـاگونجێ ئـەو بونـەوەرە خـۆی خـۆی دروسـت كردبێـت، وە نـاگونجێ لـە خۆیەوەو بە ڕێكەوت (صدفة) دروست بوبێت، چونكە پێش بوون نەبوونە، وە نەبوون ناگونجێ هەبێت، لەبەر ئەوەی لە بووندا نیە، وە ناگونجێ لەخۆیـەوە بە (صدفة) بێتە بـوون، چـونكە ئـەو بونـەوەرە خـاوەن یاسـایەكی داهێنـراوو یەكگیرە، ئـەو ڕێگایـەی كـە خـوای گـەورە بـۆی دانـاوە كـە لەسـەری بـڕوات ناگۆڕێت و لێـی جیـا نابێتـەوە، وەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ اللَّهِ تَبْدِيلاً﴾ [الأحزاب : ٦٢] .

واتە: هەرگیز سوننەتی خوا گۆڕانی بۆ نییە .

وە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ مَّا تَرَى فِي خَلْقِ الرَّحْمَنِ مِن تَفَاوُتٍ فَارْجِعِ الْبَصَرَ هَلْ تَرَى مِن فُطُورٍ ثُمَّ ارْجِعِ الْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ الْبَصَرُ خَاسِأً وَهُوَ حَسِيرٌ ﴾ [الملك : (٣ ـ ٤)] .

واتە: لە دروست كراوەكانی خوای میهرەباندا هیچ نارێكی و كەم و كووڕیەك نابینرێت، چاو بگێڕەو ورد بەرەوەو بزانە هیچ ناتەواویەك دەبینیت، دووبارە چاو بگێڕە یەك لە دوای یەك چاوت بە ڕیسوایی و نائومێدی دەگەڕێتەوە بۆ لای خۆت و بێ دەسەڵات دەبێت لەوەی كە هیچ كەم و كووڕیەك ببینێت .

جا ئەگەر ئەم بونەوەرە لەسەر یاساو نیزامێكی یەكگیرە، ڕێگا دەگرێت كە ئەم بونەوەرە بە (صدفة) لە خۆیەوە هاتبێتە بوون، چونكە هاتنە بوون بە (صدفة) یاساكانیشی هەر بە (صدفة) دەبێت، ئەوكاتە شایەنی گۆڕان و تێكچونە لە هەر ساتێكدا بێت.

* **گەنجانێك** : بڕوایان بە فریشتەكانی (ملائكة) خوای گەورە هەیە، لەبەر ئەوەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی فریشتەكانی كردوە، وە بە هەمان شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمودەكانیدا باسی فریشتەكانی كردوە.

وە لـە قورئـان و سـوننەتدا وەسـفی فریشـتەكان و عیبادەتیـان و ئـەو كارانەی كە پێی هەڵدەستن بۆ بەرژەوەندی بونەوەر ، بەڵگەیەكی بیـانو بـڕە لەسەر بوونیان بەشێوەیەكی ڕاست.

* **گەنجانێك** : باوەڕیان بەهەموو ئەو كتێبانە هەیە كە خوای گەورە بـۆ پێغەمبەرەكانی ناردون كە ڕێ نیشاندەری خەڵكیـە بـۆ ڕێگـای ڕاسـت، لەبـەر ئەوەی عەقڵی خەڵكی ناتوانێت پەی بە هەموو ئەو بەرژەوەندیانە بەرێ كە لە عیبادەت و لایەنەكانی تردا هەن.

* **گەنجانێك** : باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەرانی خوا هەیە كە خوای گەورە ناردونی بۆ خەڵكی بۆ ئەوەی كە بانگیان بكەن بۆ خێرو چاكە، وە فەرمانیان پـێ دەكـەن بـە چـاكەو قەدەغـەیان دەكـەن لـە خراپـە، بـۆ ئـەوەی خـەڵكی بەڵگەیان نەبێت لـە بەرامبـەر خـوای گـەورەدا، وە یەكـەم پێغەمبـەری خـودا (ئادەم)ەو دوایەمینیان (محمـد)ە چـاكترین دروود و سـڵاو لەسـەر هـەموویان بێت.

* **گـــەنجانێك** : بڕوایـان بـە ڕۆژی دوایـی هەیـە، ئـەو ڕۆژەی كـە خـوای گـەورە زینـدووەكان دوای مردنیـان زینـدوو دەكاتـەوە، بـۆ ئـەوەی بـە پێـی كردەوەكانیـان پاداشـتیان بداتـەوە، هــەر كەسـێك بــە ئەنـدازەی كێشـی

گەردیلەیەك (مثقال ذرة) چاكە بكات لەو ڕۆژەدا دەیبینێتەوە، وە هەر كەسێك بە ئەندازەی كێشی گەردیلەیەك (مثقال ذرة) خراپە بكات دەیبینێتەوە، چونكە ئەوە سەرەنجامی هەموو ژیانی دونیایە، سودو حیكمەتی دونیا لە چیدایە ئەگەر چاكەكار پاداشتی چاكەی خۆی وەرنەگرێتەوەو خراپەكاریش پاداشتی خراپەی خۆی وەرنەگرێتەوە؟ .

* **گە نجانێك** : باوەڕیان بە قەدەری خوای گەورە هەیە بە خۆشی و ناخۆشیەكەی، بە شێوەیەك بڕوایان وایە كە هەموو شتێك بە قەزاو قەدەری خودایە، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە هۆكارەكان و كاریگەریەكانی هەیە، وە بڕوایان وایە خۆشی و بەختەوەری، وە ناخۆشی و ناڕەحەتی هۆكاری خۆیان هەیە.

* **گە نجانێك** : دینداری دەكەن بە پێی ئامۆژگاریەكانی خوای گەورەو قورئانی پیرۆزو پێغەمبەرەكانی خواو ئامۆژگاری پێشەوایان و موسڵمانان، هەڵسوكەوتیان لەگەڵ موسڵماناندا ڕاشكاوانەو ڕوونە هەر وەكو چۆن حەز دەكەن كە خەڵكی بەو شێوەیە هەڵسوكەوتیان لە گەڵدا بكەن، بەبێ فێڵ و تەڵەكەو شاردنەوە .

* **گەنجانێك** : بە بەرچاو ڕۆشنی بانگەوازی خەڵكی دەكەن بۆ لای خوای گەورە، بەپێی ئەو ڕێگەو شوێنەی كە خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەكەیدا ڕونی كردۆتەوەو دەفەرموویت: ﴿ادْعُ إِلِى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ﴾ [النحل : ١٢٥] .

واتە: خەڵكی بانگ بكە بۆ ڕێگای ڕاستی پەروەردگارت بە لێزانی و دانایی و ئامۆژگاری چاك و شیرین، وە لە گەڵیان بدوێ بە چاكترین شێوەو هەر یەكەیان بە پێی تێگەیشتن و باری تایبەتی خۆی .

* **گەنجانێك** : فەرمان بە چاكە دەكەن و قەدەغەی خراپە دەكەن، چونكە بڕوایان بەوە هەیە كە ئەو كارەیان دەبێتە هۆی بەختەوەری بۆ هەموو میللەت و گەلێك: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ﴾ [آل عمران : ١١٠] .

واتە: ئێوە (موسڵمانان) باشترین ئوممەتن كە خوای گەورە بۆ خەڵكی هێناونە دی، فەرمان دەكەن بەچاكەو وە جڵەو گیری دەكەن لە خراپە وە بڕوا دەهێنن بە خوای گەورە .

* **گەنجانێك** : لە پێناوی گۆڕینی خراپەدا تێدەكۆشن بەو شێوەیەی كە لە پێغەمەری خواوە ﷺ هاتووە كە فەرموویەتی : ((من رأى منكم منكراً فليغيره بيده، فإن لم يستطع فبلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه ...))[١].

واتە: ئەگەر هەر یەكێك لە ئێوە خراپەیەكی بینی با بەدەست بیگۆڕێت، ئەگەر لە توانایدا نەبوو با بە زمانی بیگۆڕێت (واتە بە ئامۆژگاری)، ئەگەر بەمەش نەی توانی با بەدڵ پێی ناخۆش بێت...

* **گەنجانێك** : تەنها ڕاستی دەڵێن و ڕاستی وەردەگرن، چونكە ڕاستی ڕێنمایی دەكات بۆ چاكە، وە چاكە ڕینمایی دەكات بۆ بەهەشت، مرۆڤ بەردەوام ڕاستی دەڵێت و بەدوای ڕاستیدا وێڵە تا ئەو كاتەی لای خوای گەورە بەڕاستگۆ دەنوسرێت.

* **گەنجانێك** : چاكە و خێرو خۆشیان دەوێت بۆ هەموو موسڵمانان بەگشتی" لەبەر ئەوەی بڕوایان بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ هەیە كە دەفەرموێت:

((لا يُؤمن أحدكم حتى يُحب لأخيه ما يُحب لنفسه))[٢].

---

[١] رواه مسلم/٤٩ .

[٢] رواه البخاري/١٣، ومسلم/ ٤٩ .

واتــە: ئیمانتــان تــەواو نابێــت تــاوەكو ئــەوەی بۆخۆتــان پــێ خۆشــە بــۆ براكەشتان پێخۆش نەبێت لە خێرو چاكەدا .

* **گەنجانێك** : هەست بە لێپرسراوێتی دەكەن بەرامبەر بە خوای گـەورە و بەرامبــەر بــە گــەل ونیشــتمانەكەیان، هەمیشــە بــۆ ئــەوە تێدەكۆشــن كــە بەرژەوەندی دین و گەل و نیشتمانی تێدایە دور لە خۆ ویستی و ڕەچاوكردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەسەر حسابی بەرژەوەندی كەسانی تر.

* **گەنجانێك** : بۆ خوا تێدەكۆشن و پشت بە خوا تێدەكۆشن و لە پێنـاوی خوا تێدەكۆشـن، بەدڵسـۆزی تـەنها لـە پێنـاوی خـوادا تێدەكۆشـن، دوور لـە ڕوپامایی و وپلەوپایە و ناوبانگ، پشت بەستو بەخواو بەبێ ئەوەی سەرسـام بن بەخۆیان و پشت بەخۆیان و هێزیـان ببەسـتن، وە تێكۆشـانیان لـەپێناوی خوادا لە چوارچێوەی دینی خوای گەورەیە بەبێ ئەوەی زێدەڕەوی بكەن یان كەمتەرخەمی بكەن، بە زمان و دەست و سەروەت و سامانیان تێدەكۆشن بـە پێی داواكاری و پێویستیەكانی ئیسلام و موسڵمانان.

* **گــەنجانێك** : خـاوەن ڕەوشـت و دیـنن، ڕازاوەن بـە ڕەوشـتی جـوان وخۆیان لەڕەوشتی خراپ پاككردۆتەوە، دین و ڕێبازیان ڕاستە، نەرم ونیان و سینگ فراوانن، دڵ ودەرون پاك وئارامگرن، لە هەمان كاتدا دووربیـنن و هـەل

لەدەست نادەن، لایەنی سۆز و عاتیفەیان زاڵ نابێت بەسەر ژیری و عەقڵ و چاك كاریاندا.

* **گەنجانێك** : رێك وپێكن و بەدانایی و بێدەنگیەوە كاردەكەن، هەروەها ووردكارن و بەباشی كارەكانیان ڕایی دەكەن، هیچ ساتێكی تەمەنیان بەزایە نادەن و كاتەكانیان لە پێناو سودی خۆیان و گەلەكەیاندا بەكار دەهێنن.

لەگەڵ ئەوەی كە ئەم جۆرە گەنجانە پارێزگاری لە دین و ڕەوشت و هەڵسوكەوتی خۆیان دەكەن، بەهەمان شێوە زۆر دورن لە هەڵوەشێنەرەوەكانی دین وڕەوشت وەكو: كوفرو بێ باوەڕی و خراپەكاری و سەرپێچی خوای گەورە و ڕەوشت نزمی و هەڵسوكەوتی خراپ و ناشیرین.

* ئەم جۆرەی گەنجان جێگای شانازی ئوممەتی ئیسلامەتین ...

وە ئەم گەنجانە هێمای ژیان و بەختەوەری و دینی ئەم ئوممەتەن .

ئەو گەنجانەن كە ئومێد دەكەین كە خوای گەورە بە فەزڵی خۆی بیان كاتە هۆی چاككردنی ئەم ئوممەتەی كە شیرازەی تێكچوە، وە ببنە هۆی ڕوناك كردنەوەی رێگا بۆ ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە، وە هەر ئەم گەنجانەن كە دەگەن بە بەختەوەری دونیاو دوا ڕۆژ .

## * دووەم : گەنجانی لادەر :

**گـە نجانێكن** : لـە بـیرو بـاوەڕی ڕاسـت لایانـداوە، ڕەوشـت ڕوخـاو و لـە خۆباین، لەڕەوشت خراپی دا ڕۆچون و ڕاستی لە بەرامبەرەكەیان وەرنـاگرن، ئەو ناحەقی وناڕاستیەی كە هەیانـە لـەخۆیان دورناخەنـەوە، خـۆ ویسـتن لـە هەڵسوكەوتیاندا.

* **گە نجانێكی** : یاخی ، هەرگیز لە بەرامبەرحەق و ڕاسـتیدا نـەرم نـابن، وە واز لە ناڕەوایی و پڕو پوچی خۆیان ناهێنن.

* **گە نجانێك** : گویٚ نادەن بە پێشێلكردنی مافەكانی خـوای گـەورە كـە پێویستە جێبە جێی بكەن، وە گویٚ بە مافی ئادەمیەكانیش نادەن.

* **گــە نجانێك** : گێـرە شـێوێن و ئـاژاوەگێڕ و هاوسـەنگی بیركردنـەوە و هاوسـەنگی ڕەوشـتیان لەدەسـت داوە، نــەك هــەر ئەمــە بــەڵكو لــە هــەموو هەڵسوكەوتیاندا هاوسەنگیان لەدەست داوە.

* **گە نجانێك** : سەرسامن بە بۆچونی خۆیان، هەروەك ئەوەی كە ڕاستی تەنها لەسەر زمانی ئەوان ڕێدەكات، وا لەخۆیان دەڕوانن كە بیٚ هەڵەو كـەم و كوڕین، بەڵاٚم بەرامبەرەكانیان هەمیشە شایسـتەی هەڵـەن مـادام پێچـەوانەی تێگەیشتنی ئەوانن.

* **گەنجانێك** : كە لایانداوە لە **ڕێگای ڕاست** لە دینەكەیاندا ، وە لایانداوە لە هەموو دابوو نەریتە كۆمەڵایەتیەكان لە هەڵسوكەوتیاندا، بەڵام كارە خراپەكان كە بۆیان ڕازێندراوەتەوە بە جوانی تێدەگەن، بۆیە ئەو گەنجانە لەوانەن كە لە هەموو كەس زیاتر زەرەرمەندن لە كارەكانیاندا وە هەوڵ و تێكۆشانیان بە فیڕۆچوو، وە وا گومان دەبەن كە بەڕاستی ئەوان كارێكی زۆر چاك دەكەن.

* **گەنجانێكن** : مایەی نەگبەتین بۆ خودی خۆیان و باریشن بە سەر كۆمەڵگاكەیانەوە، گەلەكەیان بۆ ئەوپەڕی كەنارگیری و دواكەوتویی دەبەن، وە كۆسپن لە نێوان گەلەكەیان و توانست و بەهێزبونی كۆمەڵگاكەیاندا، كەواتە میكرۆبێكی ئاواو ژینگەیەكی كوشندە زۆر نارەحەتە چارەسەركردنی مەگەر تەنها خوای گەورە ویستی لەسەر بێت، خوای گەورەش توانای بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.

## * سێیەم : گەنجانی سەرگەردان :

ئەم جۆرەی گەنجان لەدوو دڵی و دەروازەی جیابونەوەی دووڕێ دان، ڕاستییان ناسیوە و بەختەوەریشن پێی، وە لە کۆمەڵگەیەکی پارێزراو (موسڵمان)دا ژیاون، بەڵام گرفتەکە لێرەدایە: کەلە هەموو لایەکەوە دەرگای خراپەیان بەڕوودا کراوەتەوە (دوودڵی لە بیروباوەڕ، لادان لە خوو ڕەوشتی جوان، خراپەکاری لە کردەوەدا، دەرچوون لە داب ونەریتە باشەکانی کۆمەڵگا، تەوژم و شەپۆلی خراپی جیاجیا، بۆیە ئەوانە لە نێو بازنەیەکی خولاوەی بەردەوامی فکری و دەرونی دان).

لەبەردەم ئەم تەوژمانەدا وەستاون سەرگەردانن نازانن ئایا: ئەو فکر و ڕێباز و ڕێگایانەی کە تازەن و داهێنراون ڕاستن و حەقن، یان ئەو ڕێبازەی کە پێشینەی ڕابردووی و کۆمەڵگای پاك و پارێزراوی لەسەری بوون؟

بۆیە لە ئەنجامدا دوودڵ و ڕاڕان (لە دڵە ڕاوکێ دان)، بۆیە جارێك ڕوو لەمەیان دەکا و جارێکی تر ڕوو لەوی تریان دەکات، بە پێی بەهێزی ئەو شەپۆل و تەوژمانەی کە ڕوویان تێدەکەن.

* ئەم بەشەی گەنجان ... لە ژیانیاندا نالەبارن، پێویستیان بە لایەن و پاڵپشتێکی بەهێز هەیە بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە بۆ شوراو پەرژینی ڕاستی و

ڕێگای چاكە، چەندە ئاسانە گەڕانەوەی ئەم گەنجانە بۆ ڕێگای ڕاست كاتێك خوای گەورە بانگخوازێكی خێرخوازو دانا و زانا و نیەت پاكی بۆ ئامادە بكات.

* ئەم چینەی گەنجان زۆر دەبن .. هەندێ لە ڕۆشنبیری ئیسلامیان پێگەیشتوە، بەلاّم ئەوان وانە گەلێكی زۆریان خوێندوە لەسەر زانستەكانی بونەوەر كە زۆرجار ئەو زانستانە لە واقعدا پێچەوانەیە لەگەڵ دین یان بە گومانی خۆیان واتێدەگەن كە پێچەوانەیە لەگەڵ دیندا، بۆیە بە سەرسامی و بێ چارەسەر لەبەرامبەر ئەم دوو ڕۆشنبیریەدا ماونەتەوە.

دەتوانن ڕزگاریان بێت لەو سەرگەردانیە ئەمەش بە وردبوونەوە لە ڕۆشنبیری ئیسلامی و هەروەها بەوەرگرتنی ئەم ڕۆشنبیری یە لە سەرچاوە ڕاستەكەی خۆی وەك: قورئان و سوننەت، لەسەر دەستی زانایانی دڵسۆز،... وە ئەوەش كارێكی قورس نیە بە سەریانەوە.

# لادانی گەنجان و كێشەكانیان

لەڕاستیدا هۆكاری لادان و گرفت و كێشەی گەنجان زۆرن وجیاجیان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە مرۆڤ لە قۆناغی گەنجیدا لەبەردەم گەشەكردنێكی گەورەی جەستەیی و فكری و ژیری دایە، چونكە ئەم قۆناغە قۆناغی گەشەكردنە بۆیە بەرەو پێش چونێكی خێرا ڕوودەدا لە گۆڕان و وەرچەرخانی گەنج لە بارێكەوە بۆ بارێكی تر، هەر بۆیە ئەوەی كە لەم قۆناغەدا گرنگە كە بۆیان ئامادەبكرێت هۆكارەكانی زاڵبونە بەسەر دەرونیدا ، وە دامركاندنی هەوەس وئارەزویان و پێشەنگێكی دانایان هەبێت كە بەرەو ڕێگای ڕاست ئاراستەیان دەكات.

## گرنگترین هۆكارەكانی لادانی گەنجان ئەمانەی خوارەوەن

١ ـ بەتاڵەیی :

بەتاڵەیی دەردێكی كوشندەی فكرو ژیری و هێزی لەشە، هەمیشە دەروون پێویستی بە جوڵەو كار هەیە، بەڵام ئەگەر بێكارو بەتاڵ بوو، ئەوا بیروبۆچونی گەوجانە و (عەقڵ )ی پڕ دەبێت و جوڵەی دەروون لاواز دەبێت، گومان و وەسوەسە و بۆچونی خراپ بەسەریدا زاڵ ئەبێت، وە لەوانەیە

ویستی خراپ و زیان بەخشی بۆ دروست بێت، هەموو ئەو كارە خراپانەش لەو خۆخواردنەوەیە هەناسە ئەدات كە بەهۆی بێكاریەوە توشی هاتوە.

* وە چارەسەری ئەم گرفتە: ئەوەیە كە گەنجان هەوڵبدەن كارێكی شایستە و گونجاو بۆ خۆیان بەدەست بێنن، لە خوێندنەوە و بازرگانی و نوسین و جگە لەمانەش هەركارێكی تر كە چارەسەری بێكاریەكەیان بكات، وە لە بێكاری و بەتاڵەیی ڕزگاریان بكات و وایان لێ بكات كە ئەندامێكی بێ زیان و كاراكتەرێكی چالاك بن لەناو كۆمەڵگەكەیان بۆ خۆیان و بۆ كەسانی تر.

٢ ـ لەیەك دووری گەنجان و بە ساڵاچوان ( لە كەس و كای خۆیان یان جگە لە كەس و كاری خۆیان ) :

دەبینین زۆرێك لە بەساڵاچوان ئاگادارن بەلادانی گەنجەكانی خۆیان و گەنجانی تریش لە ڕێگای ڕاست، بەڵام دەستەوەستان و سەرگەردانن بەرامبەر چارەسەركردن و ڕێكخستنەوەی گەنجان و بێ ئومێدن بەرامبەر چاككردنیان، ئەمەش ئەوەی لێدەكەوێتەوە كە بەساڵاچوەكان دوور بكەونەوە لەو گەنجانە و ڕق و كینەیان بۆ دروست بێت بەرامبەریان وە گرنگی نەدەن بە هیچ بارێك لە بارەكانیان چاك بن یا خراپ، لەوانەیە بگاتە

ڕاددەیەك كە بەو چاوە سەیری هەموو گەنجان بكەن و جیاوازیان پێنەكەن، وە ئەمەش دەبێتە گرێیەكی دەروونی بەرامبەر بە هەموو گەنجان، لە ئەنجامدا كۆمەڵگاش لەبەر یەك هەڵدەوەشێت ، وە هەریەك لە گەنجان و بە سالآچوانیش بە چاوی سووك و بێ ڕێزیەوە سەیری یەكتر دەكەن، ئەمەش گەورەترین مەترسیە كە چاوی بڕیوەتە كۆمەڵگاكان .

* وە چارەسەری ئەم كێشەیە : ئەوەیە كە هەریەك لە گەنجان و بەسالآچوان هەوڵبدەن ئەو كەلێن و لەیەك دووریەی لە نێوانیان دا هەیە نەیهێڵن و وەلای بنێن، وە هەموویان باوەڕیان وابێت كە كۆمەڵگە بە گەنج و پیریەوە وەك یەك لاشە وایە، ئەگەر ئەندامێكی توشی خراپەو تێكچون بێت سەردەكێشێت بۆ تێكچونی هەموو لاشە.

* هەروەك چۆن بەسالآچوان لەسەریانە كە هەست بەو لێپرسراوێتیە بكەن كە لە ئەستۆیاندایە بەرامبەر بەگەنجان وە دوور بكەونەوە لەو نائومێدی و بێ هیواییەی كە هەیانە بەرامبەر بە چاك بونی گەنجان، چونكە خوای گەورە بەتوانایە لەسەر هەموو شتێك، چەندین كەسانی گومڕا هەبوون خوای گەورە هیدایەتی دان و بوون بە مەشخەڵی هیدایەت و ڕێنمونی و بانگ خوازی چاكساز.

ئاواش لەسەر گەنجان پێویستە کە ڕێز لە گەورەکانیان بگرن و بەڕێزبن بەرامبەریان، وە ڕێز لە تێگەیشتنیان بگرن و ئەگەر ئاراستەیان کردن بۆ چاکە لێیان وەربگرن و قبوڵی بکەن، چونکە ئەوەی ئەوان بە هۆی ئەزموونی خۆیان و واقعی ژیان تێگەیشتون، گەنجان پێی نەگەیشتون و فێری نەبوون.

جا هەر کاتێك دانایی بەساڵاچوان و هێز و توانای گەنجان بە یەك گەیشتن ئەوا کۆمەڵگا دەگات بە بەختەوەری بە ئیزنی خوا .

٣ ـ پەیوەندی و هاوەڵێتی خەڵکانی لادەرو دوور لە دین :

ئەو پەیوەندی و هاوڕێیەتی کردنە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر عەقڵ و بیرکردنەوە و هەڵس و کەوتی گەنجان، وە سەبارەت بەمە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە فەرمویەتی: ((المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يُخالل))[٣].

واتە: مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی با هەر یەکێك لە ئێوە سەیرکا و بزانێ هاوڕێیەتی کێ دەکات.

[٣] المستدرك على الصحيحين للحاكم : ( ٧٣٨٧ )، وصحيح جامع الصغير رقم : (٣٥٤٥) .

**وە هــەروەها فەرمویــەتی:** ((مثل الجليس السوء كنافخ الكير: إما أن يحرق ثياك، وأما أن تجد منه رائحة كريهة))(٤).

**واتە: نمونەی هاوڕێی خراپ وەكو كورەی ئاسنگەر وایە یان جل و بەرگت دەسوتێنیٚ، یان بۆنێكی ناخۆشت بۆدێت.**

*** وە چارسەرەی ئەم كێشەیە: ئەوەیەكە گەنجان كەسانی باش و چاك و ژیر هەڵبژێرن بۆ هاوڕێیەتی كردنیان، بۆ ئەوەی لە خێر و چاكە و ژیرییان سودمەندن بن و لێیان وەرگرن*، با خەڵكی هەڵسەنگێنن و لێیان بكۆڵنەوە لە ڕووی بارودۆخی ژیان و ناوبانگیانەوە پێش ئەوەی هاوڕێیەتیان بكەن، ئەگەر خاوەنی ڕەوشتی جوان و دین و ناوبانگی باش بوون، با هاوڕێیەتیان بكەن و ئەوانە ئەو هاوڕیٚ و دەستكەوتە پارێزراوە ونبوانە بوون كە بەدوایاندا دەگەڕان، با دەستیان پێوە بگرن و هاوڕێیەتیان بكەن، بەڵام ئەگەر وانەبوون ئەوا پێویستە خۆیان لیٚ بپارێزن و لێیان دوور بن، بۆ ئەوەی بەقسەی شیرین و بە ڕوكار جوانی هەڵنەخەڵەتێن، چونكە ئەوە فێلٚ و گومڕا كردنێكە كە**

---

(٤) رواه مسلم رقم / ٤٨٦٨ بهذا اللفظ ((إنما مثل الجليس الصالح ، والجليس السوء ، كحامل المسك ، ونافخ الكير ، فحامل المسك : إما أن يحذيك ، وإما أن تبتاع منه ، وإما أن تجد منه ريحا طيبة ، ونافخ الكير : إما أن يحرق ثيابك ، وإما أن تجد ريحا خبيثة)) .

* ئامۆژگاری خوێنەر دەكەین بە خوێندنەوەی كتێبی : **(لە گەڵ كێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی كیٚ دەكەیت؟)** وەرگێڕانی **مامۆستا** : (محمد عبد الرحمن لطيف) .

كەسانی خراپ دەیگرنە بەر، بۆ ئەوەی خەڵكی سادەو ساویلكەی پێ ڕابكێشن و لەخشتەی بەرن، بۆ ئەوەی ڕێژەو زۆروبۆری خۆیانی پێ زیاد بكەن و ئەو خراپەكاریەی كە توشیان بووە بیشارنەوە.

چەند جوانە ووتەی شاعیر كەدەڵێ[٥] :

ابل الرجال إذا اردت إخاءهم وتوسمن امورهم وتفقد

فإذا ظفرت بذي اللبابة والتقى فيه اليدين قرير عين فشدد

واتە : پیاوان تاقیكەرەوە ئەگەر ویستت برادەرێتیان بكەیت .. وە پێشبینی كاروباریان بكە و بە دوایدا بگەڕێ ...

جا ئەگەر كەسێكی خاوەن ژیری و لە خوا ترست دەستكەوت .. كە چاوەكانت پێی ئۆقرە بگرێت ئەوا بە هەردوو دەستت بە توندی دەستی پێوە بگرە ..

---

[٥] المقنع الكندي .

٤ ـ خوێندنەوەی هەندێ لە كتێبە ڕوخێنەرەكان :

وەك نامیلكەو ڕۆژنامەو گۆڤارو جگە لەمانەش هەرشتێك كە وا لە مرۆڤ بكات گومان لە دین و بیرو باوەڕی خۆی پەیدا بكات، وە ڕایان دەكێشێت بەرەو لێك ترازان و داماڵینیان لە هەموو خووڕەوشتێكی جوان، سەرئەنجام دەكەونە ناو كوفر و بێ باوەڕی و بەد ڕەفتاری، ئەمە ئەگەر هاتوو گەنجان تواناو بەرگریەكی بەهێزیان نەبێت لە ڕۆشنبیریەكی قوڵی دینی و فكرێكی كاریگەر بۆ ئەوەی بەو هۆیەوە بتوانن جیاوازی بكەن لەنێوان حەق و ناحەق و سودبەخش و زیان بەخش.

بۆیە خوێندنەوەی ئەو جۆرە پەرتوكانە گەنجان سەرەو خوار هەڵ دەگێڕنەوە، چونكە عەقڵیەت و بیروهۆشی گەنجان زەویەكی بەپیتە بۆ خوێندنەوەی ئەو جۆرە كتێب و نامیلكە خراپانەی كە توشیان دەبێت بەبێ هیچ بەرگریەك، لە ئەنجامدا ڕەگەكانی بەهێز و قەدەكانی پتەوو تۆكمە دەبن، وە لە ئاوێنەی عەقڵ و ژیانیاندا ڕەنگ دەداتەوە.

**چارەسەری ئەم گرفتە** : ئەوەیەكە دوور بكەونەوە لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە كتێبانە، لەبەرامبەردا ئەو پەرتوكانە بخوێننەوە كە سودمەندن و خۆشەویستی خوا و پێغەمبەرەكەی ﷺ لە دڵدا دەڕوێنن و ئیمان و

كـردەوەی چـاكیان بـۆ دەسـتەبەر دەكـات، وە پێویسـتە ئـارمگربن لەسـەر خوێندنــەوەی ئــەم جــۆرە كتێبانــە، چــونكە بەڕاســتی نــەفس و دەرون بەربەرەكانیەكی توندیان دەكات لەسەر خوێندنەوەی ئەو جۆرە پەرتوكانـەی كە پێشتر خوویان پێوە گرتبوو، وە بێ تاقەتی دەكات لەسـەر خوێندنـەوەی كتێبە بەسودەكان، بە وێنەی كەسێك كە بیەوێت گوێڕایەڵی خوا بكات، بـەڵام نەفس و دەرونی سەرپێچی دەكات و بە شتی پڕوپوچ و بـێ بایـەخ سـەرقاڵی دەكات.

* وە گــرنگترینی كتێبــە ســود بەخشــەكان كتــێبی خــوای گەورەیــە (قورئان)، وە هەر تەفسیرێكیش دەربارەی قورئان نوسـرابێت لـە لایـەن زانـا پایە بەرزەكان وە بە پێی بەڵگەی ڕاست و عـەقڵێكی ڕاشـكاو نوسـرابێت، وە بەهەمان شێوە فەرموودەو سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، پاشـان ئـەو كتێبانــەی كــە زانایــان لــەو دوو سەرچــاوەیە وەریــان گرتــووە، وە یـان ئـەو كتێبانەی كە لە ئەنجامی تێگەیشتنیان لەو دووسەرچاوەیەوە نوسیویانە.

٥ ـ گومـانی هەنـدێ لـە گـەنجان بـەوەی كـە ئیسـلام كـۆت و بەنـدی ئازادیەكانە و تواناكان كپ دەكات :

بۆیە لە ئیسلام دوور دەكەونەوە، وە وا دەزانن كە ئیسلام كۆن خـوازە و هـەڵگرانی بـەرەو دواوە دەبـات، وە ڕێیـان لێ دەگرێـت لـەوەی كـە بـەرەو پێشكەوتن خوازی بڕۆن.

**چارەسەری ئەم كێشەیە** : ئەوەیە كە پەردە هەڵماڵدرێ لەسەر ڕاستێتی ئیسلام بۆ ئـەو گەنجانـەی كـە بـێ ئاگـا و ناشـارەزان بەرامبـەر بـە ڕاسـتێتی ئیسـلام، بـە هـۆی خـراپ بیركردنـەوەیان یان بـە هـۆی كـەمی زانسـتیان بـە ئیسلام، یان بەهۆی هەردوكیانەوە :

ومن يك ذا فم مُرّ مريضٍ يجد مرا به الماء الزلالا[٦]

واتە : ئەو كەسەی كە خاوەنی دەمێكی تاڵ و نەخۆشە ..

وا هەست دەكات كە ئاوی سازگاریش هەر تاڵە .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام كۆت و بەندی ئازادیەكان ناكات، بەڵكو ئازادیـەكان ڕێك دەخـات و بەباشـی ئاڕاسـتەیان دەكـات تـاكو ئـازادی تـاك تێـك نـەگیرێ لەگەڵ ئازادی كەسانی تر، واتە ئازادی تاكە كەس لەسەر حسابی كەسانی تر نەبێت كاتێك ئازادی ڕەها بدرێت، چونكە هەركەسێك داوای ئازادی ڕەهاو بـێ

(٦) المتنبي .

سنور بكات ئەوا ئازادیەكەی لەسەر حسابی كەسانی تر دەبێت، ئەو كاتە لە یەكگیربونێك پەیدادەبێت لە نێوان ئازادیەكان، وە بێ سەرو بەری بڵاو دەبێتەوە و خراپ كاری زۆر دەبێت.

لەبەر ئەمە خوای گەورە حوكمە دینیەكانی بە سنور ناو بردوە، جا ئەگەر حوكمەكە بۆ حەرامكردن بوبێت فەرموویەتی ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا﴾ [البقرة : ١٨٧] .

واتە : ئەمانەی كە باسكران سنورەكانی خوای گەورەن نزیكیان مەكەون
.

بەڵام ئەگەر بۆ واجب بووبێت فەرموویەتی: ﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ فَلاَ تَعْتَدُوهَا ﴾ [البقرة : ٢٢٩].

واتە : ئەمانەی كە باسكران سنورەكانی خوای گەورەن لێیان دەر مەچن.

* لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو گومانەی هەندێ كەس كە دەڵێن ئیسلام ئازادیەكان كۆت و بەند دەكات، وە لە نێوان ئەو ئاراستە كردن و ڕێكخستنەی كە خوای زۆر دانا و زۆر شارەزا بۆ بەندەكانی داناوە.

* كە ئەمەت زانی ئیتر هیچ گرفتێك لەسەر ئەم بابەتە نیە لـە بنەڕەتـدا، چونكە ڕێكخستن كارێكی پێویستە لە هەموو لایەنەكانی ئەم بونەوەرەدا ، وە مرۆڤـ لە سروشتی خۆیدا ژێربارە بۆ ئەو ڕێكخستنە.

* مرۆڤــ ژێربارە بۆ توانا و كاریگەری تینوێتی و برسێتی وە بـۆ یاسـای خواردن و خواردنەوە، بۆیە ناچارە بۆ ڕێكخستنی خواردن و خواردنەوەی لـە ڕووی چەندێتی و چۆنێتی و جۆرەكەی بۆ ئەوەی پارێزگـاری لـە تەندروسـتی لاشەی خۆی و سەلامەتی خۆی بكات.

* بەهەمان شێوە ژێربارە بۆ یاسا كۆمەڵایەتیـەكان، پابەنـدە بـە داب و نەریتەكانی وڵاتەكەی لە شوێنی نیشتەجێ بـوون و جـل وبـەرگ و ڕۆیشـتن و هاتنی، بۆ نمونە ژێربارە بۆ شێوەی جـل و بـەرگ و جۆرەكـەی، وە شـێوەی خانوەكـەی و جۆركـەی، وە یاسـای هـات و چـۆی، وە ئەگـەر ژێربـاری ئـەم یاسـایانە نـەبێت كـە لـە كۆمەڵگەكەیـدا هەیـە ئـەوا بـە نـامۆ دادەنرێـت، وە هەرشتێك شایستەیە بە خەڵكی نـامۆ و ئەوانـەی كـە دورن لـە شـتی ئاسـایی شایستەی ئەوانیش دەبێت.

* كەواتە ژیان هەمووی ژێربارییە بۆ سنورە دیاری كراوەكان، بۆ ئەوەی كارەكان بەو شێوەیە بڕۆن كە مەبەستە، بۆ نمونە ئەگەر ژێرباربون بـۆ یاسـا

كۆمەڵایەتیەكان ژێرباربونێكی زۆر پێویست بێت بۆ چاككردنی كۆمەلگا و نەهێشتنی بێ سەروبەرەیی وە نابێت هیچ هاولاتیەك لێی لابدات، ئەوا ژێرباربوون بۆ یاسا شەرعیەكانیش بەهەمان شێوە كارێكە پێویستە بكرێت بۆ چاكردنی كۆمەڵ و نەهێشتنی بێ سەرەوبەری، ئەی چۆن دەبێت هەندێك كەس لە یاسا شەرعیەكان لابدات بەو بیانوەی كە ئەوەی كۆت و بەندی ئازادیە؟ بەڕاستی ئەوە تەنها بوختانە و هیچی تر نیە، وە گومانێكی بێ بنەما و تاوانكارانەیە.

* هەروەها بە هەمان شێوە ئیسلام وزە و تواناكان ناپوكێنێتەوە، وە لە ڕاستیدا ئیسلام گۆڕەپانێكی فراوان و كراوەیە بۆ هەموو تواناكان وەكو هێز و توانای هزری (فكری) و ژیری و جەستەیی.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام خەڵكی بانگ دەكات بۆ بیركردنەوە و تێڕوانین، بۆ ئەوەی مرۆڤ پەند وەربگرێت و بیرو هۆش و ژیریەكەی گەشە بكات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّمَا أَعِظُكُم بِوَاحِدَةٍ أَن تَقُومُوا لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَادَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا﴾ [سبأ: ٤٦].

واتە : بڵێ من تەنیا بە یەك شت ئامۆژگاریتان دەكەم كە دوو دوو و یەك یەك هەستن بە گەرم و گوڕی و چالاكیەوە بۆ گوێڕایەڵی خوا و بۆ شوێن كەوتنی حەق و پاشان بیر بكەنەوە .

﴿قُلِ انظُرُواْ مَاذَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ﴾ [یونس : ١٠١].

واتە : ئەی محمد بڵێ: سەرنج بدە چی لە ئاسمانەكان و زەوی دایە[٧].

وە ئاینی ئیسلام تەنها بریتی نیە لە بانگەوازكردن بۆ بیركردنەو و تێڕوانین، بەڵكو تێنەگەیشتن و بیر نەكردنەوەی بە كەموكوڕی داناوە بۆ ئەوانەی كە تێناگەن و بیرناكەنەوە، ناڕوانن، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَوَلَمْ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا خَلَقَ اللّهُ مِن شَيْءٍ﴾ [الأعراف : ١٨٥] .

واتە: ئایە ئەوانە ناڕوانن لەو موڵكە گەورە و فراوانەی لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیە وە لەو شتانەی خوای گەورە دروستی كردون.

---

[٧] شێخ ( عبدالرحمن بن ناصر السعدي ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرموێت: ( خوای گەورە بانگی بەندەكانی دەكات و پێیان دەڵێت: كە سەیری ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی كە لە ناوی دایە بكەن، مەبەست لەو سەیر كردنەش بریتیە لە سەیر كردنێك كە بۆ تێڕوانین و تێرامان و پەند وەرگرتن بێت). وەرگێڕ.

وە خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێ: ﴿ أَوَلَمْ يَتَفَكَّرُوا فِي أَنفُسِهِمْ مَا خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا إِلَّا بِالْحَقِّ ﴾ [الروم : ٨].

واتە: ئایا ئەوانەی كە پێغەمبەران بە درۆ دەخەنەوە بیرێك لە خۆیان ناكەنەوە كە ئەو خوایەی لە نەبوونەوە هێناونیە بوون لە پاش مردنیان زیندوویان دەكاتەوە، وە خوا ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی لە نێوانیان دایە دروستی كردوون بۆ خزمەتی ئێوە هەتا تاقیتان بكاتەوە تابزانن كامتان كاری چاكە دەكەن.

وە دەفەرموێت: ﴿ وَمَنْ نُعَمِّرْهُ نُنَكِّسْهُ فِي الْخَلْقِ أَفَلَا يَعْقِلُونَ﴾ [یس :٦٨].

واتە : وە تەمەنی هەر كەس درێژ كەین ئەوە لاشەكەی دەگێڕینەوە بەرەو لاوازی و بچوكی و بێ هێزی هەروەك چۆن لە منداڵیدا وا بووە ، دەی ئایا ژیر نابن؟

وە فەرمان كردن بە بیركردنەوە و تێڕوانین جگە لە دەرفەتدان بە توانا ژیری و بیریەكانی مرۆڤ هیچ مانایەكی تر ناگەیەنێت ، كەواتە چۆن هەندێ خەڵكی دەڵێن: ئیسلام توانا و وزەكان كپ دەكات، چەند گەورەیە ئەو وتەیەی كە لە دەمیان دەردەچێت .. ئەوەی كە دەیڵێن تەنها درۆیە.

وە ئیسلام بۆ ڕۆڵەكانی خۆی ڕێگەی بە هەموو شتێكی بەسود داوە كە زیانی بۆ لەش و دین و ژیری مرۆڤ نەبێت :

*ڕێگەی داوە بە خواردن و خواردنەوە لە هەموو شتێكی پاك : ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَاشْكُرُواْ لِلّهِ﴾ [البقرة : ١٧٢] .

واتە: ئەی ئەو كەسانەی كە بڕواتان هێناوە بخۆن لەو خواردەمەنیە پاكانەی كردومانە بە ڕۆزیتان وە سوپاسی خودا بكەن لەسەر ئەو نیعمەتانەی كە پێی بەخشیون(٨) .

وە فەرمویەتی: ﴿وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ﴾ [الأعراف : ٣١].

واتە: بخۆن و بخۆنەوە (لەوەی كە خوای گەورە پێی بەخشیون و حەڵاڵە بۆتان) و زیادەڕۆیی مەكەن، چونكە بە ڕاستی خوای گەورە مرۆڤی زیادەڕەوی خۆش ناوێت .

وە زیادە ڕۆیی خوای گەورە توڕە دەكات، وە زیان بە مرۆڤ و ژیانی دەگەیەنێت .

---

(٨) وە سوپاس كردنی خوای گەورە بریتیە لە ئەنجام دانی كارو كردەوەی چاك لە بەرامبەر نیعمەتەكانی خوای گەورەدا ( تفسیر السعدي ) ، وەرگێڕ .

* وە ڕێگەی بەهەموو جۆرە پۆشاكێك داوە بەو پێیەی لەگەڵ دانایی و (فطرة)دا بگونجێ، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاساً يُوَارِي سَوْءَاتِكُمْ وَرِيشاً وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ﴾ [الأعراف : ٢٦].

واتە: ئەی نەوەی ئادەم بە ڕاستی هیدایەتی جل و بەرگ پۆشینم پێ بە خشیون تا لەش و عەورەتتان داپۆشێت و خۆتانی پێ جوان بكەن، بەڵام جل و بەرگی پارێزكاری و ڕوو كردنە خوا و بەجێهێنانی فەرمانەكانی چاكتر و پڕ خێر ترە .

وە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِي لِلَّذِينَ آمَنُواْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ [الأعراف : ٣٢] .

واتە : ئەی محمد ﷺ بڵێ كێ ئارایش و جوانیەكانی خوای گەورە و خواردنی خۆش و پاك كە خوا بەخشیویەتی بە بەندەكانی حەرام كردوە؟ وە بڵێ: هەموو ئەو شتانە خوا لە ژیانی دونیادا دروستی كروون بۆ ئیماندارانن ئەگەر چی بێ بڕوایانیش لێیان بەهرەمەند دەبن، بەڵام ئەم نیعمەتانە لە ڕۆژی قیامەتدا تایبەتن بە ئیمانداران و تەنها بۆ ئەوان تەرخان كراون .

* وە ڕێگـەی داوە بـە چـێژ وەرگـرتن لـە ئافرەتـان كـە بـە شـێوەیەكی شەرعی مارە بكرێن خوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاَثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً﴾ [النساء : ٣] .

واتە : ئێوە مارە بكەن لەو ئافرەتانەی حەلاڵە بۆتان هـەر یـەك لـە ئێـوە دوو ژن یان سیان یان چوار ژن بهێنن جا ئەگەر ترسان لەوەی دادگەر (عادل) نەبن ئەوە تەنها یەك ئافرەت مارە بكەن .

*وە لە بواری كار و كاسبیدا ئیسلام توانـای ڕۆڵـەكانی كـپ نـەكردوە، بەڵكو ڕێگەی بە هەموو كارو كاسبیەك داوە كـە دادپەروەرانـە بێـت و لەسـەر ڕەزامەندی هەردوولا بێت خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا﴾ [البقرة : ٢٧٥] .

واتە: خوای گـەورە كـڕین و فرۆشـتنی حـەڵاڵ كـردووەو سـوو (ڕیبا)شـی حەرام كردووە .

وە فەرمویـەتی: ﴿ هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ ﴾ [الملك : ١٥].

واتە: خـوا ئـەو زاتەیـە كـە زەوی بـۆ ڕاخسـتون ، دەی بگـەڕێن بـە سـەر زەویدا وە لە ڕۆزی خوا بخۆن، وە گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە .

وە دەفــەرموێت: ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ ﴾ [الجمعة : ١٠].

واتە: جا كاتێك كـە نوێـژی هـەینی تـەواو بـوو ئـیتر بـلاو ببنـەوە بەسـەر زەویدا و بەدواى ڕزق و ڕۆزی خوادا بگەڕێن .

ئایا دوای ئەم ڕونكردنـەوە و بەڵگانـە گومـان و قسـەی ئەوانـەی دەڵـێن ئیسلام تواناكان كپ دەكات ڕاستە؟!

# ( ئەو گرفتانەی بە سەر دڵی گەنجاندا دێن )

دڵی مردوو هیچ وەسوەسەی[٩] بەسەردا نایەت كە (بەر پەرچی دین بداتەوە) و دین ڕەت بكاتەوە، چونكە دڵی مردوو تیاچووە و شەیتان هەر ئەوەی دەوێت و لەوە زیاتری ناوێت كە توشی بووە.

هەر لەبەر ئەمەیە بە (ابن مسعود یان ابن عباس) وترا: (جولەكەكان دەڵێن: ئەوان لە نوێژەكانیاندا وەسوەسەیان بۆ دروست نابێت !

ووتی: ڕاستیان كرد شەیتان چی لە دڵێكی كاول و وێرانە بكات).

بەلاَم كاتێك كە دڵ زیندوو بوو شتێك لە ئیمانی تیابوو ئەوا شەیتان بە بەردەوامی و بە بێ پشوودان و پسانەوە هێرشی بۆ دەكات، وەسوەسەی وای دەخاتە ناو دڵەوە كە كەموو كووڕی پەیدا بكات لە دینەكەیدا و ئیمانی هەڵبوەشێنێتەوە ، ئەوەش گەورەترین تیاچوونە ئەگەر هاتوو بەندەی خوا ژێرباری ئەو وەسوەسانە بێت، هەتا بە شێوەیەك وەسوەسە دەخاتە دڵی كە گومان لە پەروەردگاری و دینی و بیروباوەڕی پەیدا ببێت، ئەگەر لەو دڵەدا لاوازیەك یان ڕوخانێكی بینی ئەوا بەسەریدا زاڵ دەبێت هەتاوەكو لە دین دەری دەكات، بەلاَم ئەگەر لە دڵێكدا هێزوو بەرەنگاربونەوەی بینی ئەوا

---

[٩] دەنگی پەنهان و نادیاری خراپ و گوماناوی .

شەیتان دەدۆڕێت و دورە پەرێز دەبێت، وە بە سوك و ڕیسوایی پشت هەڵدەكات.

* ئەو وەسوەسانەی كە شەیتان ئاراستەیان دەكات زیان نابەخشن ئەگەر هاتوو مرۆڤ ئەو چارەسەرانەی بەكارهێنا كە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتون :

* فعن ابن عباس رضي الله عنهما: أن النبي ﷺ جاءه رجل فقال: إني أحدث نفسي بالشيء لأن أكون حممة ـ أي فحمة ـ أحب إليَّ من أن أتكلم به، فقال النَّبي ﷺ: ((الحمدلله الذي رد كيده ـ أي الشيطان ـ إلى الوسوسة))[١٠].

واتە : پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ ووتی من لە ناخی خۆمدا كۆمەڵە قسەیەكم بۆ دروست دەبێت ، ببم بە خەڵوز خۆشترە لام لەوەی كە ئەو جۆرە قسانە بكەم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی سوپاس بۆ ئەو خوایەی كە فێڵ و پلانەكانی شەیتانی پوچەڵ كردوەتەوە و تەنها وەسوەسەی بە دەستەوە ماوە (واتە ئەگەر شەڕ و زیانی شەیتان تەنها بە وەسوەسە نەوەستابا و فێڵ و نەخشە گلاوەكانیشی كاریان كردبا ئەوە خەڵكی زیاتر گومڕا دەكرد).

---

[١٠] رواه ابو داود .

* وجاء ناس من الصحابة فقالوا : يارسول الله ﷺ ، إنا وجدنا في أنفسنا ما يتعاظم أحدنا أن يتكلم به ـ أي يراه عظيماً ـ ، فقال النبي ﷺ : ((أوجدتموه))؟ قالوا : نعم، قال : ((ذاك صريح الإيمان))[11] .

**واتە: هەندێ لە خەڵكی لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هاتن، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە دەرونی خۆماندا هەست بە شتێك دەكەین، كە هەر یەكێك لە ئێمە بە گەورە و ترسناكی دەزانێت كە قسەی پێ بكات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئایە هەستتان پێكردوە ؟ ووتیان بەڵێ ، فەرموی : ئەوە ئیمانێكی ڕاشكاوانەیە .**

***وە مانای ئەو وتەیە** ((ذاك صريح الايمان)) **: ئەوەیە كە ئەو وەسوەسە لەناكاو و كتوپڕە و دژایەتی كردنی ئێوە بۆی و بە گەورە زانینی لە ڕووی ترسناكیەوە هیچ زیانێكی نابێت بۆ بیروباوەڕتان ، بەڵكو ئەوە نیشانەی ئەوەیە كە ئیمانەكەتان ڕوون و ئاشكرایە و كەم و كوڕی بەسەردا نایەت.**

*وقال ﷺ : ((يأتي الشيطان أحدكم فيقول من خلق كذا، حتى يقول : من خلق ربك، فإذا بلغه ـ أي وصله إلى هذا الحد ـ فليستعذ بالله ولينته))[12].

---

[11] رواه مسلم.

[12] رواه البخاري ومسلم .

وفي حديث آخر : ((فليقُلْ آمنت بالله ورسوله))[١٣].

**واتە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: شەیتان دێتە لای هەر یەكێك لە ئێوە، پێتان دەڵێت كێ ئێوەی دروستكردوە ، تا ئەو كاتەی پێتان دەڵێت كێ پەروەردگارتی دروستكردوە، كاتێك گەیشتە ئەو ڕاددەیە، با پەنا بە خوا بەرێت و كۆتایی پێ بێنێت.**

**لە فەرمودەیەكی تردا هاتوە : با بڵێت بڕوام هەیە بە خوا و پێغەمبەرەكەی .**

**وە لە فەرمودەیەكدا كە (أبو داود) گێڕاویەتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:** ((قولوا : الله أحد الله الصمد، لم يلد ولم يولد، ولم يكن له كفواً أحد، ثم ليتفل عن يساره ثلاثاً ، وليستعذ بالله من الشيطان الرجيم))[١٤].

**واتە : بڵێن: خوا تاك و تەنیایە، وە خوا جێگای نیاز و ئومێدە، كەسی لێ نەبوەو لە كەس نەبووە، وە هیچ كەس هاوتا و هاوشێوەی نی یە، پاشان با سێ جار تف بكاتە لای چەپی، وە پەنا بگرێت بە خوا لە شەیتانی دورخراوە لە بەزەیی خوای گەورە.**

---

[١٣] صحيح الجامع رقم/ ١٥٤٢.

[١٤] رواه أبو داود وحسنه الألباني في صحيح الجامع رقم/ ٨١٨٢.

* لـــەو فەرمودانـــەی كـــە باســـكران هاوەڵـــە بـــەڕێزەكان وەســـفی نەخۆشیەكەیان كرد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش چارەسەری بۆ دانـان لـە چوارشت دا :

**یەكەم**: وازهێنان و لا نەكردنەوە لە وەسوەسە، بە واتا پشت تێ كردنی بـە یـەكجاری، وە لـە بـیر خـۆ بردنـەوەی بـە شـێوەیەك وەكـو ئـەوەی كـە هەرنەبوبێت، وە خەریك كردنی بە هزر و فكری بێگەرد و ساغ.

**دووەم**: پەنا گرتن بە خوا لـە وەسوەسـە و لـە شـەیتانی دوورخـراوە لـە ڕەحمەتی خوا.

**سێیەم**: كە بڵێ: بڕوام هەیە بە خوا و پێغەمبەرەكەی.

**چوارەم** : كە بڵێ: (الله أحد الله الصمد، لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفواً أحد ).

واتە: خوا تاكە، خوا جێگای نیـاز و ئومێـدە ، كەسـی لێنـەبووە ، وە لـە كەس نەبووە، وە هیچ كەس هاوشێوە و هاوتای نیە .

# ڕامان لە بابەتی ( القدر )

یـەكێكی تـر لـە كـۆی ئـەو كارانـەی كـە بەسـەر دڵـی گەنجانـدا دێـت و ڕادەوەستن تێیدا بە سەرگەردانی بریتیـیە لە بابەتی القدر، چونكە بـڕوا بـون بە قەدەر یەكێكە لەو كۆڵەكانەی كە ئیمان تەواو نابێت ئەگەر بـڕوا بـوون بـە قەدەری لەگەڵ نەبێت ، ئەوەش بـەوە دەبێـت كـە بـڕوات هـەبێ بـەوەی كـە خوای گەورە زانایە بەوەی كە لە ئاسمانەكان و زەویـدا دەبێـت و ڕوو دەدات وە هەر خوا ئەندازەی بۆ دەكێشێ و دادەنێت هەروەك خوای پـاك و بێگـەرد فەرمویەتـی: ﴿ أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ إِنَّ ذَلِكَ فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ ﴾ [الحج : ٧٠ ].

واتە: ئایا نەت زانیوە كە بەڕاسـتی خـوا زانـا و ئاگـادارە بـە هـەموو ئـەو شتانەی لـە ئاسمـان و زەوی دایـە بێگومـان ئـەوەی باسـكرا لـە كتێبـی (لوح المحفوظ )دایە بەڕاستی ئەم (زانیاریەی باسكرا) بەلای خواوە ئاسانە .

وە پـێغەمبەر ﷺ ململانێ و مشتومڕی قەدەغە كردوە لەسەر ـ قدر ـ :

فعـن أبي هريـرة رضي الله عنه قـال: خـرج علينـا رسـول الله ﷺ ونحـن نتنـازع في القـدر، فغضب رسول الله حتى احمر وجهه فقال : ((أبهذا امرتم ام بهذا أُرسلت إليكم، إنَّما

هلك من كان قبلكم حين تنازعوا في هذا الأمر، عزمت عليكم عزمت عليكم ألاّ تتنازعوا فيه))[١٥].

واتە: لە (أبو هريرة) وە (خوای لێ ڕازی بێ) دەگێڕنـەوە كـە فەرمویـەتی: پێغەمبەر ﷺ هاتە لامان لەو كاتەدا ئێمە قسەمان لەسەر ـ قەدەر ـ دەكرد و ناكۆبوین (تێگەیشتنەكانمان وەك یەك نەبوون) كە ئـەوەی بینـی تـووڕە بـوو هەتا دەموو چاوی سور هەڵگەڕا فەرمووی: بەو شـێوەیە فـەرمانتان پێكـراوە یان بۆ ئەوە من نێردراوم بۆ لای ئێوە، بەڕاستی ئەوانەی پـێش ئێـوە كاتێـك تیاچوون كە لەو كارەدا ناكۆكیان پەیدا بوو بە توندی پێتان دەڵێم، بە توندی پێتان دەڵێم، كە ناكۆك مەبن تێیدا .

* ڕۆچوون لە گفتو گۆ لە بابەتی (قەدەر)دا و ململانـێ كـردن لـە سـەر ئەم مەسەلەیە، وا لە مرۆڤـ دەكات بكەوێتە نێو زەوییێكی پێچە و پێچەوە كە ناتوانێت لێی دەرچێت، بەڵام ڕێگای سەلامەت و بێ زیان ئەوەیە كـە سـوربی لەسەر چاكە و لـە پێناویـدا تێبكۆشـێ هـەروەك چـۆن فـەرمانت پـێ كـراوە، چـونكە خـوای پـاك و بێگـەرد عـەقڵ و تێگەیشـتنی پـێ بەخشـیوی، وە پێغەمبەری بۆ ناردووی وە بەو پێغەمبەرانەدا پەرتووك و پەیامی بۆ نـاردوی،

---

[١٥] رواه الترمذي ( ٢١٣٣ ) وحسنه الألباني.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ رُّسُلاً مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلاَّ يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى اللّهِ حُجَّةٌ بَعْدَ الرُّسُلِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزاً حَكِيماً ﴾ [النساء : ١٦٥].

واتە: پێغەمبەرانمان ناردوە كە موژدە دەر و ترسێنەربن بۆ ئەوەی بۆ خەڵكی نەبێت بەڵگە بەسەر خواوە دوای (ناردنی) پێغەمبەران وە خوای گەورە زۆر بە توانا و بە دەسەڵات و كار بەجێیە .

* وە كاتێك كە پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵانی ڕاگەیاند كە خوای گەورە بۆ هەموو كەسێك شوێنێكی لە بەهەشت و شوێنێكی لە دۆزەخ بۆ دیاری كردوە (نووسیوە) : هاوەڵە بەڕێزەكان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا: كەواتە ئایا پشت نەبەستین بەوەی كە خوای گەورە بۆی دیاری كردوین (بۆی نوسیوین) و واز لە كار كردن بێنین، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: كار بكەن چونكە هەموومان ئەوەمان بۆ ئاساندەكرێت كە بۆی دروست كراوین، جا ئەو كەسەی كە لەبەختەوەران بێت بۆی ئاسان دەكرێت كە كردەوەی خەڵكانی بەختەوەر بكات، بەڵام ئەوەی كە لە بەدبەختەكان بێت ئەوا كردەوەی بەدبەختەكانی بۆ ئاسان دەكرێت، پاشان پێغەمبەر ﷺ ئەم ئایەتانەی خوێندەوە ﴿فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ

لِلْيُسْرَى وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى﴾ [الليل : ٥-١٠] .

واتە: ئینجا ئەو كەسەی ( ماڵ ببەخشێ و لە خوا بترسێت، وە پارێزگار بیت لەو شتانەی كە خوا قەدەغەی كردون، وە بڕوای ببێت بە ( لا إله إلا الله ) و هەموو ئەو شتانەی كە پەیوەندیان بە بیروباوەڕەوە هەیە، ئەوە یارمەتی دەدەین بۆ كارێكی چاكە، وە ئەو كەسەی رەزیلی بكات و ماڵ نەبەخشێت و خۆی بە بێ پێویست بزانێ لە خوای گەورە، وە بڕوای نەبێت بە (لا إله إلا الله ) و هەموو ئەو شتانەی كە خوای گەورە لەسەری پێویست كردووە كە بڕوای پێ هەبێت، ئەوە ڕێی لە بەردەمدا بۆ ئاسان دەكەین بۆ كاری خراپە .

پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێ كردن كە كاربكەن، وە ڕێگەی پێ نەدان كە لێی پاڵبدەنەوە و پشت بەوە ببەستن كە بۆیان نوسراوە لە قەدەردا (واتە بڵێن ئەوەی لە قەدەردا بۆمان نوسراوە هەر ئەوەیە و پێویست ناكات كار و عیبادەت بكەین)، لەبەر ئەوەی ئەو كەسەی كە لە بەهەشتییەكان نوسراوە، لە ئەهلی بەهەشت نابێت ئەگەر كاری بەهەشتیەكان نەكات، وە ئەوەی لە دۆزەخیەكان نوسراوە، لە دۆزەخیەكان نابێت ئەگەر كار بەكردەوەكانیان نەكات.

* وە كاركردن لە تواناى مرۆڤەكاندايە، چونكە مرۆڤـ خۆى دەزانێت كە خواى گەورە (ويست و تواناى) پىێ بەخشيوە لە سەر ئەنجامدانى هەر كارێك، ئەگـەر حـەزى كـرد كـارى چـاك دەكـات وە ئەگـەر حـەزى كـرد كـارى خـراپ دەكات، يان دەست بەرداريان دەبێت و نايان كات.

* بـۆ نموونـە كەسـێك دەيـەوێت سـەفەر بكـات، سـەفەر دەكـات، يـان دەيەوێت بمێنێتەوە و سەفەر نەكات سەفەر ناكات و دەمێنێتـەوە، كەسـێكى تر ئاگر دەبينێت لێى ڕادەكات، وە شتێك دەبينێـت لاى خۆشەويسـتە بـەرەو پيرى دەچێت، بەهـەمان شـێوە گـوێ ڕايـەڵى و سـەر پێچـى مرۆڤـ بەرامبـەر خواى گەورە بـە ويسـتى خۆيـەتى ئەگـەر ئـارەزوى لێبـوو گـوێ ڕايـەڵى خـوا دەكات ئەگەرنا سەرپێچى دەكات.

## گرفتى خەڵكى دەربارەى قەدەر دوو شتە :

گرفتى يەكەميان : ئەوەيە كە مرۆڤـ سـەر پشـكە لـە كـردن و نـەكردنى هەر كارێك، بە بىێ ئەوەى هەست بكات بەوەى كە ناچار بكرێت بەكردنى يـان نەكردنى هەركارێك، ئەمە چۆن لەگەڵ ئـەوەدا دەگـونجىێ كـە بڕوامـان وابێـت بەوەى كە هەموو شتێك بە پىێى خواستى خـوا و ئـەو چارەنوسـەيە كـە خـوا داينـاوە ؟

وەڵاَم بۆ ئەوە ئەوەیە: كە ئەگەر ئێمە ووردبینەوە لە كار و جوڵەی بەندە، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كە لە دوو شتەوە سەرچاوەی گرتووە: ویست واتە (سەرپشكی لە هەر شتێك بتەوێ بیكەی)، وە توانا (توانای ئەنجامدانی كار)، وە ئەگەر ئەم دووانە نەبوونایە ئەوا هیچ كردارێك دروست نەدەبوو.

وە ویست و توانا هەردووكیان لە دروستكراوەكانی خوای پاك و بێگەردن، چونكە ویست: هێزی عەقڵە ، وە توانا : هێزی جەستەیە، ئەگەر خوا حەزی ویستی لەسەر بوایە ئەوا عەقڵی لە مرۆڤ دەسەندەوە و وای لێ دەهات كە ویستی نەبێت، یان توانای لێ دەسەندەوە ئەو كاتەی كاركردن ئاستەم دەبوو (مەحاڵ دەبوو).

جا كاتێك مرۆڤ ویستی كارێك بكات و جێ بەجێی كرد بەدڵنیاییەوە دەزانین كە خوای گەورە ویست و فەرمانی لەسەربووە، وە ئەگەر نەی ویستایە ئەوا ویستی كەسەكەی لادەبرد، یان ڕێگرێكی دەهێنایە پێش، ئەو كاتە كار كردنەكە شتێكی مەحاڵ دەبوو.

وە بە كابرایەكی دەشتەكی ووتراوە : بە چی خوات ناسی؟

ووتی: بە هەڵوەشانەوەی ویستەكان و لابردنی مەبەستەكان.

گرفتـی دووەم : ئـەوەی كـە دەبێتـە مایـەی گرفـت لای هەنـدێك خـەڵكی لەسەر بابەتی (قەدەر) ئەوەیە: كە مرۆڤ لەسـەر تـاوان كـردن سـزا دەدرێـت، چۆن دەبێ سـزا بـدرێت لـە كاتێكـدا بـۆی نوسـراوە كـە تاوانەكـە بكـات؟ وە ناتوانێت لەو كارە ڕزگاری بێت كە لەسەری نوسراوە.

وەڵام بۆ ئەو گرفتە ئەوەیە:

**وەڵامی یەكەم** : دەڵێین: ئەگەر ئەوەیانت ووت ئەوەش بڵـێ كـە مـرۆڤ پاداشت دەدرێتەوە لەسەر كارێك كـە گوێڕایـەڵی خـوای گـەورە بكـات، چـۆن پاداشت دەدرێتەوە لە كاتێكدا كـە لەسـەری نوسـراوە، وە ناتوانێـت ڕزگـاری بێت لەو كـارەی كـە لەسـەری نوسـراوە، ئـەوە دادپـەروەری نیـە كـە قـەدەر بكەینە بەڵگە لەسەر لایەنی سەرپێچی كردنی خوای گـەورە، بـەڵام نەیكەینـە بەڵگە لەسەر لایەنی گوێڕایەڵی كردنی خوای گەورە.

**وەڵامی دووەم** : خوای گەورە ئەو بەڵگەیـەی پوچـەڵ كردۆتـەوە، وە بـە (قسەیەكی بێ زانیاری) داناوە، خـوای گـەورە فەرموویـەتی: ﴿سَيَقُولُ الَّذِينَ أَشْرَكُواْ لَوْ شَاء اللّهُ مَا أَشْرَكْنَا وَلاَ آبَاؤُنَا وَلاَ حَرَّمْنَا مِن شَيْءٍ كَذَلِكَ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِم حَتَّى ذَاقُواْ بَأْسَنَا قُلْ هَلْ عِندَكُم مِّنْ عِلْمٍ فَتُخْرِجُوهُ لَنَا إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ الظَّنَّ وَإِنْ أَنتُمْ إَلاَّ تَخْرُصُونَ﴾ [الأنعام : ١٤٨] .

واتە: ئەوانەی کە هاوبەشیان بۆ خوا دادەنێنن دەڵێن: ئەگەر خوا بیویستایە ئێمە و باب و باپیرانمان هاوبەشمان (بۆ خوا) دانەدەنا، وە هەروەها ئەگەر خوا نەی ویستبایە ئێمە هیچ شتێکمان لە خۆمان حەرام نەدەکرد، هەر بەو شێوەیە ئەوانەی پێش ئەمانیش درۆیان دەکرد و هەمان قسەیان دەوت هەتا سزا و تۆڵەی ئێمەیان چەشت، (ئەی محمد ﷺ) بڵێ : ئایا هیچ بەڵگە و زانیاریەکتان لایە تا دەری بخەن بۆمان و دەری ببڕن، ئێوە شوێنی هیچ شتێك ناکەون بێجگە لە گومان، وە ئەوەی ئێوە دەیڵێن لە درۆ زیاتر هیچ شتێکی تر نیە.

خوای گەورە ڕونی کردۆتەوە، کە ئەوانەی بەڵگە دەهێنەوە لەسەر ئەوەی کە قەدەر وای کردوە ئەوان هاوبەش بۆ خوای گەورە دابنێن، ئەو کەسانە پێشینەیان هەیە کە درۆیان کردوە وەك درۆکەی ئەوانە، وە بەردەوام بوون لەسەری هەتاوەکو سزا و تۆلەی خوای گەورەیان چەشت، ئەگەر هاتباو بەڵگەکەیان ڕاست بوایە خوای گەورە سزای خۆی پێ نەدەچەشتن.

پاشان خوای گەورە فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی کرد کە لەڕویاندا بوەستێتەوە، بەوەی کە بەڵگەکانی خۆیان بێنن و بیسەلمێنن کە ڕاستە، وە خوای گەورە ڕوونی کردۆتەوە کە هیچ بەڵگەیەکیان پێ نیە لەسەر ئەمە.

**وەڵامی سێیەم** : ئەوەیە كە دەڵێین قـەدەری خـوا نهێنیـە و شـاراوەیە جگە لە خوا هیچ كەس نای زانێت هەتاوەكو ڕونـەدات، كەواتـە ئـەو كەسـەی سەرپێچی و بیٚ فەرمانی خوای گەورە دەكات لە كوێی زانی كە خوای گـەورە تاوانی لەسەر نوسیوە تاوەكو ئەو تاوانە بكات؟

ئایا ناگونجێت خوای گەورە گوێڕایەڵی كردنی لەسەر نوسی بێت واتە لـە قەدەردا وای بۆ نوسیبێت كە گویٚ ڕایەڵی خوا بكات نەك سەرپێچـی؟ كەواتـە بۆ چی لە جیاتی ئەوەی كە هەستێت بە سەرپێچی كردنی خـوا، هەڵناسـتێت بە جیٚ بەجیٚ كردنی فەرمانەكانی خـوای گـەورە، وە بڵێـت خـوای گـەورە لـە سەری نوسیوم كە گویٚ ڕایەڵی بكەم؟!

**وەڵامـی چـوارەم** : دەڵـێین: خـوای گـەورە مرۆڤـی جیاكردۆتـەوە لـە دروسـتكراوەكانی تـر بـەوەی كـە عـەقڵ و تێگەیشـتنی پـیٚ بەخشـیوە، وە پەیامی بۆ ناردوە و پێغەمبەرانی بۆ نـاردوە، وە شـتە سـود بەخشـەكانی بـۆ جیاكردۆتەوە لە شتە زیان بەخشـەكان، وە لەهـەمان كاتـدا ویسـت و توانـای پێبەخشیوە كە دەتـوانیٚ بـە هۆیانـەوە یـەكێك لـەو دوو ڕێگایانـە بگرێتەبـەر (ڕێگەی چاك یان ڕێگەی خراپ) كەواتە بـۆ چـی ئـەو سەرپێچـیكارە ڕێگـەی زیان بەخش هەڵدەبژێرێت بەسەر ڕێگەی سود بەخشدا؟

ئایا ئەگەر ئەو سەرپێچیكارە (واتە: ئەو كەسەی ڕێگەی خراپ هەڵدەبژێرێت) ویستی سەفەر بكات بۆ شارێك، وە دوو ڕێگای لەبەردەم دابوون، ڕێگایەكیان ئاسان و ئەمین بێت وە ڕێگاكەی تریان قورس و ترسناك بێت، ئەوە بێگومان ڕێگای ئاسان و پڕ ئاسایش هەڵدەبژێرێت بۆ سەفەرەكەی نەوەك ڕێگا قورس و ترسناكەكە، بە بەڵگەی ئەوەی كە خوای گەورە لە قەدەردا وای بۆ نوسیوە، بەڵام ئەگەر ڕێگا ترسناك و قورسەكەی هەڵبژارد بۆ سەفەرەكەی بە بیانوی ئەوەی كە خوای گەورە لەسەری نوسیوە بۆیە ئەو ڕێگە خراپەی هەڵبژاردوە، ئەوە بەدڵنیایی‌یەوە لە لایەن خەڵكیەوە بە كەسێكی شێت و گەمژە ئەژماردەكرێت.

بەهەمان شێوە ڕێگای باش و ڕێگای خراپیش هەروەك نمونەی سەفەرەكەیە، با مرۆڤ ڕێگای باش و ڕاست بگرێتەبەر، وە فێڵ لە خۆی نەكات بە گرتنە بەری ڕێگای خراپ، بە بەڵگەی ئەوەی كە خوای گەورە لە قەدەردا ڕێگای خراپی بۆ نوسیوە.

وە ئێمە ئەگەر سەیركەین دەبینین هەموو مرۆڤێك كە توانای هەبێت بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانی، هەموو ڕێگایەك دەگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی، ناچێت لە ماڵی خۆی دانیشێ و واز لە كار و كاسپی بێنێت، وە بڵێ

خوای گەورە لە قەدەردا ڕزقی بۆ نوسیوم كاسپی ناكەم خوا بۆم دەنێریّ، كەواتە جیاوزی چیە لە نێوان هەوڵدان بۆ دوونیا و هەوڵدان بۆ گوێڕایەڵی خوای گەورە؟

كەواتە بۆ چی قەدەر دەكەی بە بەڵگە لەسەر واز هێنان لە گوێڕایەڵی كردنی خوای گەورە دەڵێی: (خوای گەورە لەسەری نوسیوم ئەو كارە خراپانە بكەم) بەڵام قەدەر ناكەی بە بەڵگە لەسەر وازهێنانت لە كار و كاسپی بۆ دونیا، واتە (ناڵێی واز لە كار و كاسپی دێنم لەبەر ئەوەی خوای گەورە بۆی نوسیوم كاسپی ناكەم)؟ باس و بابەتەكە زۆر ڕوون و ئاشكرایە بەڵام هەواو ئارەزو مرۆڤـ كەڕ و كوێر دەكات.

# چەند فەرموودەیەك كە باسی گەنجانی تیّدایە

لەبەرئـەوەی ئـەو ووتانـەی ئێمـە لـە دەوری كێشـە و گرفتـی گـەنجان دەخولێنەوە، پێم خۆشـە هەنـدێ لـەو فەرموودانـە بـاس بكـەم كـە بـاس لـە گەنجان دەكات.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێكیانن :

١ ـ ((یعجب ربك من **الشاب** لیس له صبوة))[١٦].

واتە: خوای گەورە موعجیبە بەو گەنجەی كە ئارەزوی لادانی لەحەق نیە.

٢ ـ ((سبعة یظلهم الله في ظله یوم لا ظل إلا ظله: إمام عادل، **وشاب نشأ فی طاعة الله**، ورجل قلبه معلق بالمساجد، ورجل تحابا في الله، اجتمعا علیه وتفرقا علیه، ورجل دعته امرأة ذات منصب وجمال فقال إني أخاف الله، ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتی لا تعلم شماله ماتنفق یمنه، ورجل ذكر الله خالیا ففاضت عیناه))[١٧] .

واتە: حەوت كۆمەڵ هەن لـە ڕۆژی دوایـیدا خـوای گـەورە ئەیانخاتـە ژێـر سـێبەری عەرشـی خـۆی: پێشـەوایەكی دادپـەروەر ، وە گـەنجێك تەمـەنی گەنجێتی لـە سـەر گوێڕایـەڵی كردنـی خـوای گـەورەدا گەشـەی كردبێـت، وە

---

[١٦] رواه أحمد .

[١٧] رواه البخاري : (٦٤٠) ، وجاء فی روایة وفیه ((في ظل عرشه)) **واتە : لە ژێر سێبەری عەرشی خوای گەورە** .

پیاوێك دڵی پەیوەست بێت بە مزگەوتەوە، وە دوو موسڵمان لە پێناوی خوا یەكتریان خۆشبوێت وە لە پێناوی خوادا كۆببنەوە و لە پێناوی ئەودا لە یەكتری جیابنەوە، وە پیاوێك ئەگەر هاتوو ئافرەتێكی خاوەن جوانی و پلە و پایە داوای خراپەی لێكرد لە وەڵامدا بڵێ من لە خوا ئەترسێم ، وە كەسێك خێر و چاكە بە نهێنی بكات بە شێوەیەك بە دەستی ڕاستی ببەخشێ دەستی چەپی پێی نەزانێت، وە كەسێك لەتەنیاییدا (بیربكاتەوە) یادی خوا بكات و فرمێسك لەچاوی بێت .

٣ . ((الحسن والحسين سيدا **شباب** أهل الجنة))[١٨] .

**واتە: حەسەن و حوسیەن گەورەی گەنجانی بەهەشتیەكانن .**

٤ . ((يقال لأهل الجنة: إن لكم أن **تشبوا** فلا تهرموا ابداً))[١٩].

**واتە: لە ڕۆژی دواییدا بە بەهەشتیەكان دەوترێت ئێوە لە بەهەشتدا هەمیشە گەنجن، وە هەرگیز پیر نابن .**

٥ . ((ما أكرم **شاب** شيخاً لسنه إلا قيض الله له من يكرمه عند سنه))[٢٠].

---

[١٨] المطالب العالية للحافظ ابن حجر العسقلاني ( ٤٠٢٩ ) وصححه الألباني في صحيح الجامع رقم/ ٤٧.

[١٩] صحيح مسلم ( ٥١٧٥ ).

[٢٠] سنن الترمذي / ١٩٩٥ وضعفه الألباني في ضعيف الجامع.

واتە: **هەر گەنجێك لە تەمەنی گەنجێتیدا ڕێز لە پیرێك (بەساڵاچوویێك) بگرێت لەبەر تەمەنەكەی، ئەوا خوای گەورە كەسێكی بۆ ئامادە دەكات كە ڕێزی لێ بگرێت كاتێك كە ئەو گەنجە پیر دەبێت .**

٦ . قال ابو بكر – وعنده عمر بن الخطاب – لزيد بن ثابت رضي الله عنه : ((إنك رجل **شاب** لا نتهمك، وكنت تكتب الوحي لرسول الله ﷺ فتتبع القران فاجمعه))[٢١] .

واتە: **أبوبكر الصديق بە (زيدی كوڕی** ثابت**)ی گوت - عمری كوڕی** خطاب **- يشی لابوو (خوا لێیان ڕازی بێت) تۆ پیاوێكی گەنج و ژیریت گومانی خراپت پێنابەین وە تۆ پەيامت (قورئان) بۆ پێغەمبەر ﷺ دەنوسیەوە، بگەڕێ بە دوای ئایەتەكانی قورئاندا و كۆی بكەرەوە .**

٧ . دخل النبي ﷺ على **شاب** وهو في سياق الموت فقال له : ((كيف تجدك؟)) قال: أرجو الله يا رسول الله وأخاف ذنوبي ، فقال النبي ﷺ : ((لا يجتمعان في قلب عبد في مثل هذا الموطن إلا أعطاه الله ما يرجوه وأمنه مما يخافه))[٢٢].

---

[٢١] صحيح البخاري / ٤٤١٠.

[٢٢] سنن ابن ماجه / ٤٢٦١ وحسنه الألباني.

واتــە: پێغەمبــەر ﷺ چــووە لای گــەنجێك لــە كاتێكـدا كــە گەنجەكــە لــە سەرەمەرگدا بوو پێغەمبەر ﷺ پێی فـەرموو هەسـت بەچـی دەكـەیت ( لـەچ حاڵێك دای ) گەنجەكە ووتی: بە ئومێدی خـوام و لـە تاوانەكانیشـم دەترسـم، پێغەمبــەر ﷺ فــەرمووی هــیچ كاتێـك ئومێـد بـوون بـەخوا و ترسـان لـەدڵی بەندەدا كۆنابنەوە ، لەو حاڵەدا ئیلا خوای گەورە ئەو ئومێـدەی كـە هەیـەتی پێی دەبەخشێ و پارێزراوی دەكات لەوەی كە لێی دەترسێ .

٨ ـ قال البراء بن عازب ﷺ في غزوة حنين : ((لا والله ما ولي رسول الله ﷺ، ولكن خرج **شبّان** أصحابه واخفاؤهم حسراً ليس عليهم سلاح))[٢٣].

واتــە : نــا ســوێند بــە خــوا پێغەمبــەری خــوا لــە جــەنگی (حــنین)دا ڕای نەكردوو مەیدانی جەنگی بەجێ نەهێشت بەڵكو هەندێك لەوگەنجانەی كە تازە هاتبوونە ناو یانەوە كە لە مەككەوە هاتبون و خۆیان بۆ جـەنگ ئامادەنـەكرد بوو بە ڵكو بۆ غەنیمەت و ئافرەت و ماڵی دونیا هاتبوون ئەوانە ڕایـان كـردوو بە پەلە بەون لە ڕاكردندا وە قەڵغان و زرێیان پێ نەبوو.

٩ ـ وعن ابن مسعود ﷺ قال: ((كنا نغزو مع النبي ﷺ ونحن شباب))[٢٤].

---

[٢٣] صحيح البخاري ٢٧٩٣.

[٢٤]

واتــه : لــه عبــدالله ی کــوڕی مســعودەوه هــاتوه، خــوای لــیٚ ڕازی بێــت فەرمووی: ئێمه لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا جیهادمـان دەکـرد لـه كاتێكـدا ئێمـه گەنج بوین .

١٠ . وعن أنس ابن مالك رضي الله عنه قال: ((كان شباب من الأنصار سبعين رجلاً يقال لهم القراء، يكونون في المسجد، فإذا أمسوا انتحوا ناحية من المدينة فيتدارسون ويصلون، يحسبهم أهلوهم في المسجد، ويحسبهم أهل المسجد في أهليهم، حتى إذا كان في وجه الصبح استعذبوا من الماء، واحتطبوا من الحطب، فجاءوا به فاسندوه إلى حجرة النبي ﷺ ، وكانوا يشترون بذلك طعاماً لأهل الصفة، وأهل الصفة هم الفقراء المهاجرون إلى المدينة ليس لهم أهل فيها ولا عشيرة، فيأوون إلى صفة في المسجد أو قريباً منه))[٢٥].

واته: له (أنس ی کوڕی مالك)ەوه ئەگێڕنەوه فەرمويەتی حەفتا کەس لـه گەنجانی پشـتیوانەکان (الأنصار)، کـه پێیـان دەوتـرا قورئـان خوێنـەکان لـه مزگەوت دەمانـەوە، کـاتێکیش ئێـواره دادەهـات دەچـونه لایـەك لەلایـەکانی مەدینـه دەور و دەرسـیان دەکـرد و نوێـژیان دەکـرد، کـەس و کاریـان وایـان دەزانـی لـه مزگـەوتن، وه ئـەهلی مزگـەوتیش وایـان دەزانـی لـه لای کـەس و

[٢٥] رواه أحمد .

**كاریانن و لە ماڵەوەن، تاكو نزیكی بەرەبەیان ، ئاویان هەڵدەگۆزی و دار و چیلكەیان كۆ دەكردەوە لەگەڵ خۆیان دەهێنا دەیان برد بۆ (ماڵی) پێغەمبەر ﷺ .**

**بەو پارەیە خواردنیان بۆ ئەهلی (صوففە) دەكڕی، ئەهلی (صوففە) : كۆچكردوە نەدارەكان بوون كەس و كار و عەشیرەتیان نەبوو لە مەدینە ، لە سوچێكی مزگەوت یان لە نزیك مزگەوت دەمانەوە .**

١١ . وعن علقمة أحد اصحاب ابن مسعود ﷺ قال: ((كنت أمشي مع عبدالله بمنى فلقيه عثمان ﷺ ، فقام معه يحدثه، فقال له عثمان: يا أبا عبدالرحمن، ألا نزوجك **شابة** لعله تذكرك بعض ما مضى من زمانك .

فقال عبدالله، لئن قلت ذلك لقد قال لنا رسول الله ﷺ: ((يا معشر **الشباب**، من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج، ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء))[٢٦].

**واتە: لە (**علقمة**)ەوە دەگێڕنەوە كە یەكێكە لە هاوەڵانی عبداللە ی كوڕی مسعود (خوا لێیان ڕازی بێت) ووتی: من لە گەڵ عبداللە كوڕی مسعود لە (مینا) بووین دەڕۆیشتین (**عثمان **ی كوڕی** عفان**) ی تووش بوو،** عثمان

[٢٦] صحيح البخاري / ٤٧٧٩ .

قسەی لەگەڵ (عبد الله )دا دەكردو پێی ووت: ئەی باوكی عبدالرحمن ژنێكی گەنجت بۆ نەهێنین بەڵكو بەشێك لە تەمەنی ڕابردووت بیر بێنێتەوە، عبدالله پێی ووت: ئەگەر تۆ ئەوە دەڵێیت ئەوە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووین: ئەی كۆمەڵی گەنجان، هەر یەكێك لە ئێوە لە توانایدا (واتە توانای ماددی و توانای جەستەیی) هەیە با ژن بێنێ، چونكە ژن هێنان چاو دەپارێزێت لە تاوان، وە پارێزەری داوێنیشە، وە هەر كەسێك نەیتوانی ژن بێنێ با ڕۆژوو بگرێت چونكە ڕۆژو گرتن بۆی دەبێتە قەڵغان .

١٢ ـ وفي حديث الدجال عن النبي ﷺ : ((إن الدجال يدعو رجلاً ممتلئاً **شباباً** فيضربه بالسيف فيقطعه جزلتين رمية الغرض، ثم يدعوه فيقبل ويتهلل وجهه يضحك))[٢٧].

واتە: دەججال پیاوێكی گەنج بانگ دەكات و بە شمشێرەكەی لێی دەدات و دەیكات بەدوو كەرتەوە و لێكی جیادەكاتەوە پاشان بانگی دەكات و ئەویش هەڵدەسێتەو و بەرەو ڕووی دێت بە پێكەنینەوە.

١٣ ـ وعن مالك بن الحويرث ﷺ قال: ((أتينا إلى رسول الله ﷺ ونحن **شببة** متقاربون فأقمنا عنده عشرين يوماً وليلة، وكان رسول الله ﷺ رحيماً رفيقاً ، فلما ظن

[٢٧] صحيح مسلم /٥٣٣٨.

أنا اشتقنا أهلنا سألنا عمن تركنا بعدنا فأخبرناه ، فقال ﷺ: ((إرجعوا إلى أهليكم فأقيموا فيهم وعلموهم ومروهم – وذكر أشياء – وصلوا كما رأيتموني أصلي، فإذا حضرت الصلاة فليؤذن أحدكم وليؤمكم أكبركم))[٢٨].

**واتە: ئێمە كۆمەڵێك گەنجی هاوتەمەن بووین، چووین بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بیست شەو ڕۆژ لای ماینەوە، زۆر نەرم و نیان بوو لەگەڵماندا، كاتێك هەستی كرد كە حەزدەكەین بگەڕێینەوە بۆ لای كەس و كارمان پرسیاری لێكردین دەربارەی ئەوانەی كە بەجێمان هێشتبون وە ئێمەش هەواڵی ئەوانمان پێ ڕاگەیاند، پێغەمبەریش ﷺ پێی ڕاگەیاندین و فەرمووی: بگەڕێنەوە بۆ لای كەس و كارتان و لە ناویاندا بمێننەوە وە فێریان بكەن و فەرمانیان پێ بكەن (هەندێ شتی باسكرد)، وە نوێژ بكەن هەروەك چۆن منتان بینیوە نوێژ دەكەم، وە كاتێك نوێژ بوو با یەكێكتان بانگ بدات وە ئەوەی لە هەمووتان گەورەترە با پێش نوێژیتان بۆ بكات .**

---

[٢٨] صحيح البخاري /٦١٣.

# کۆتایی

**ئەوەی کە ویستمان پێشکەشی بکەین لێرەدا کۆتایی هات.....**

**داوا لە خوای گەورە دەکەین بە هۆیەوە سود بگەیەنێ .**

والحمد لله رب العالمين

وصلى الله وسلم على نبينا محمد

وعلى آله وصحبه أجمعين